دەستورو مافەکانی خەڵکی کوردستان

کۆڕێك بۆ سامان کەریم لە شاری هەولێر

ڕۆژی 2005/6/12 سەنتەری نما لەشاری هەولێر کۆڕێکی بۆ سامان کەریم سکرتیری مەکتەبی تەنفیزی ڕیکخراوی کوردستان ڕێکخست، لە ژێر ناو نیشانی"دەستورو مافەکانی خەڵکی کوردستان".

سامان کەریم لە باسەکەیدا جەختی خستە سەر ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئێمەوە دەستورێك کە لایەنەکانی ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی شیعیو ئەمەریکاو میدیاکان قسەی لەسەر دەکەن لە درێژەی سیاسەتێکدایە کە زیاتر لە 2 ساڵە لە عێراقدا دەڕواتە پێشەوە لە سایەی داگیرگاری ئەمەریکاداو وەك پرۆسەیەکی چەوشەکاری دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستانو عێراقدا، هەروەك چۆن پرۆسەی هەڵبژاردنیکی گالتەجاریان بردە پێشەوە بە پەنجە مۆری خەڵکی عێراقو کوردستان. دەستورو بۆ ئەو لایەنانە مانای بە قانونی کردنی هەلومەرجی ئێستاو دەسەلاتی ئێستایە، کە کێشەو تەفرەقەی قەومیو تائیفی تابێت زیاتر قول دەکاتەوەو بەم مانایە، دەستوریك کە باس دەکرێت، دەستوری قولبونەوەی مەئساتو کویرەوەرییەکانی خەڵکە بەگشتی. ئەو لایەنانە ناتوانن دەستوریك دابرێژن کە خواستو ویستی خەڵکی عێراقو کوردستان وەلام بداتەوە. بەم مانایە لەبەرانبەر ئەم هەلومەرجەدا وەلامی گونجاو درێژەپیدان بەخەباتو ریکخراوبونی خەڵکە بەدەوری خواستو ویستەکانی خۆیانو وەلانانی ئەو هێزانەی کە ئێستا دەسەلاتدارن....

بەلام بۆ خەلکی کوردستان، دەستوریك کە باس دەکرێت، مانای تاپۆ کردنی کوردستانە بە چوارچێوەی دەولەتی ئێستای عێراقەوە، مانای لکاندنی کوردستانە بەدەستی ناسیونالیزمی کورد بە دەولەتی عێراقەوەو هەردوو حزبی دەسەلاتی کوردستان بەرپرسن بەرانبەر خەڵکی کوردستان سەبارەت بەم مەسەلەیە، کە ڕاستەوخۆ بە دژایەتی ویستو خواستی خەڵکی کوردستان دەشکێتەوە، لە جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتیکی سەربەخۆدا. لە لایەکی تریشەوە مانای ئەوەیە کە خەڵکی بخریتە ژێر سایەی دەوڵەتێکی ئیسلامی کۆنەپەرستی ئیسلامی-قەومیو تائیفیەوەو مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادیە سیاسیەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئازادیە فەردیو مەدەنیەکانو مافەکانی ژنانو لاوان سەرکوتو پێشێل دەکرێت.

بەجیا لەمەش هێزە دارێژەرەکانی دەستور کە خۆیان پڕوپاگەندە دەکەن بەوەی کە عێراق پێی ناوەتەوە قۆناغێکی نوێو لە چنگ دیکتاتۆریەت رزگاری بوەو پرۆسەکەیان ناولێناوە پرۆسەی ئازادی، هەریەکەیان ئامانجو ئیستراتیژی سیاسی جیاوازی خۆیان هەیە کە پێکەوە ناگونجێنو زۆرجار دژ بەیەك دەوەستنەوە، ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەب ناتوانێت رازی بێت بە تەسلیم کردنی کەرکوك بە ئەحزابی کوردی، وە تەنانەت لەسەر فیدرالیەت کێشەی جدیان هەیە، لەسەر دەیان کۆسپو مەسائیلی سیاسی کێشەو کێبەرکێی قولو فراوان هەیە لەنیوانیاندا، ئەوان دەیانەویت لەسەر پایەی چەمکی "ڕیککەوتن" کە خۆی لەبناغەوە دژ بە پرۆسەی دیموکراتیە کە خۆیان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، دەولەت پیك بهێنن، دەوڵەتیك کە بە پێچەوانەی پرۆسەی پیکهێنانی دەولەتەوە لە هەموو دنیادا. لە هەموو ولاتانی دنیا سیستەمی دەولەتو جۆری حوکمرانی دیاریدەکرێتو ئەمە دەبریتەوە ئینجا دەستور دەنوسنەوە، لیرە لە عێراق دەیانەوێت دەستور بکەنە بەردە بازێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەسەر پایەی "ڕێککەوتنی" نێو خۆیانو بە پشتیوانیو زەختی ئەمەریکا. دەستور ناتوانێت مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەت ببڕێنێتەوە، ڕەنگە دەوڵەتێك پێك بهێنن، بەلام ئەم دەوڵەتە وشکە کەڵەكو چێشتی مجەورەو ئەگەر وەلاش نەنرێت خۆی دەروخێت، چونکە مەعلومە هەر بزوتنەوەو هێزیکی سیاسی بەدوای بەرژەوەندی ئامانجو ئیستراتیژی خۆیەوەیەتی، ئەمرۆ هاوسەنگی هیزو بونی ئەمەریکا ئەم جۆرە لە ریککەوتن ممکنە پێك بهێنێت بەلاّم ئەوسەرەکەی بێ ئاسوییە، لەهەمانکاتدا دەولەتی قولکردنەوەی کیبەرکێی قەومیو تائیفییە، خەلکی عیراق روبەروی کارەساتی ئینسانی گەورە دەکاتەوە لەچەشنی راوندا.... ئەم هێزانە هێزێك نین کە بتوانن داوای خەلك بهێننە دی.

ڕیگا ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان، لە پیناو مەسەلەی جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتی سەربەخۆدا بێنە مەیدان، لەریگای راپرسیەکی گشتیو ئازادەوە. هەروەها بینە مەیدان لە پیناو مافە فەردیو مەدەنیو سیاسیەکانی خۆیاندا لەپیناو یەکسانی ژنو پیاودا، ئەوکات بزوتنەوەیەکی وا بەهیز دەتوانێت لەریگای نوینەرانی راستەقینەی خۆیەوە دەولەتیك دروست بکات کە وەلام بداتەوە بەخواستو ویستەکانی خەڵکی کوردستان لەهەمانکاتدا هەولێکی جدیە لە پیناو سەپاندنی داوای خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی کە لە هەر دەستوریکدا کە ممکنە بنوسریت مافی خەڵکی کوردستان فەرامۆش نەکرێت لە بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆی و گەرانەوە بۆ ڕەئی خەلکی کوردستان لە راپرسیەکی گشتیدا، سەبارەت بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان جیابونەوەو پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ."